دەق و واتای فەرموودەکانی

# نووری ڕێ

ماموٚستا کرێکار

چاپی یەکەم

٢٠١٩-١٤٤٠

# دەق و واتای فەرموودەکانی

# نووری ڕێ

نووسینی: مامۆستا کرێکار

بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی دیراساتی ئیسلامی (ندا)

ساڵی: ٢٠٢٠ز-١٤٤١ك

ماڵپەری زادی

www.zadyreman.com

فەیسبووک

www.fb.com/zadyreman

تویتەر

twitter.com/zadyreman

ئیمەیل

Zadyreman@gmail.com

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إن الحَمْدَ لله نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعينه ونَسْتَغْفره، وَنَعُوذُ بِالله من شُرُورِ أنْفُسنا وَمن سَيِّئات أعْمَالنا، مَنْ يَهْده اللهُ فَلا مُضلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهَ وَأشهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرسُولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢ ﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١ ﴾ النساء: ١

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١ ﴾ الأحزاب: ٧٠ - ٧١

أمّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَديث كتابُ الله، وَخَيرَ الهَدي هَدْيُ مُحمَّد صَلى اللهُ عَلَيْه وَسَلَمَ وَشَرَّ الأُمورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةِ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةِ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلالَةِ فِي النَّارِ.

## فەرموودەی یەکەم:

### ڕەنجەڕۆیی ڕیابازان

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: **إِنْ أَوَّلَ النَّاسِ يُقْضَى عَلَيْهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ رَجُلٌ اسْتُشْهِدَ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قَالَ فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: قَاتَلْتُ فِيكَ حَتَّى اسْتُشْهِدْتُ قَالَ: كَذَبْتَ وَلَكِنْ قَاتَلْتَ لأَنْ يُقَالَ جَرِيءٌ فَقَدْ قِيلَ، ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ. وَرَجُلٌ تَعَلَّمَ الْعِلْمَ وَعَلَّمَهُ وَقَرَأَ الْقُرْآنَ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قَالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: تَعَلَّمْتُ الْعِلْمَ وَعَلَّمْتُهُ وَقَرَأْتُ فِيكَ الْقُرْآنَ قَالَ: كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ تَعَلَّمْتَ الْعِلْمَ لِيُقَالَ عَالِمٌ وَقَرَأْتَ الْقُرْآنَ لِيُقَالَ هُوَ قَارِئٌ فَقَدْ قِيلَ، ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ وَرَجُلٌ وَسَّعَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَعْطَاهُ مِنْ أَصْنَافِ الْمَالِ كُلِّهِ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قَالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: مَا تَرَكْتُ مِنْ سَبِيلٍ تُحِبُّ أَنْ يُنْفَقَ فِيهَا إِلَّا أَنْفَقْتُ فِيهَا لَكَ قَالَ: كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ فَعَلْتَ لِيُقَالَ هُوَ جَوَادٌ فَقَدْ قِيلَ: ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ ثُمَّ أُلْقِيَ فِي النَّارِ.** وَقَالَ التِّرْمِذِيُّ فِي هَذَا الْحَدِيثِ : ثُمَّ ضَرَبَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى رُكْبَتِي فَقَالَ: **يَا أَبَا هُرَيْرَةَ أُولَئِكَ الثَّلَاثَةُ أَوَّلُ خَلْقِ اللَّهِ تُسَعَّرُ بِهِمُ النَّارُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ**) رواه مسلم[1]

### واتای فەرموودەکە

سەیدنا ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێت گێڕایەوە فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو کە فەرمووی: یەکەمین کەسێك کە لە ڕۆژی دواییدا داوەری دەکرێت، کابرایەکە کە شەهید بووە. دەهێنرێتەوە خزمەت خوای پەروەردگار. خوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی دەخاتەوە یادی، ئەمیش هەموویان دەناسێتەوەو ئیعتیرافیان پێ دەکات. ئینجا خوای پەروەردگار لێی دەپرسێت کە چیت بەم نیعمەتانە کرد؟ دەڵێت: خوایە، لە پێناوی تۆدا جیهادم کرد تا شەهید بووم. خوای گەورە دەفەرموێ

---

[1] ئیمامی موسلیم لە (کتاب الجهاد) لە سەحیحەکەیدا هێناویتیەوەو ئیمامی نەوەوی لە (ریاض الصالحین ژمارە ١٦١٧)دا..

درۆت کرد! بۆیە دەجەنگایت تا پێت بڵێن ئازاو قارەمانە! ئـەوا ووتـرا.. پاشـان فـەرمان دەدرێت بە راکێشان لەسەر روو، رایدەکێشن تا فڕێی دەدەنـە نێـو ئـاگری دۆزەخـەوە.. هەروەها کابرایەکە کە خاوەن زانسـتێکی شەرعناسـی و قورئـان خـوێن بـووە. ئـەویش دەهێنرێتەوە خزمەت خوای پەروەردگار. خـوای گـەورە نیعمەتـەکانی خـۆی دەخاتـەوە یادی، ئەمیش هەموویان دەناسێتەوەو ئیعتیرافیان پێ دەکات. ئینجا خوای پـەروەردگار لێی دەپرسێت کە چیت بەم نیعمەتانە کـرد؟ دەڵێـت: خوایـە، لـە پێنـاوی تـۆدا زانسـتی شەرعی فێربووم و خەڵکم فێـری شـەرع دەکـرد، قورئـانم پـێ دەووتـن. خـوای گـەورە دەفەرموێ درۆت کرد! بۆیە پێت دەووتنەوە تا بڵـێن زانایـت، بۆیـە قورئانـت دەخوێنـدو فێرتدەکردن تا بڵێن قورئان خوێنە! ئـەوا ووتـرا.. پاشـان فـەرمان دەدرێـت بـە راکێشـان لەسەر روو، رایدەکێشن تا فڕێی دەدەنە نێـو ئـاگری دۆزەخـەوە.. ئینجـا کابرایەکـە کـە خوای گەورە بڕێکـی زۆری لـە هـەموو جـۆرە سـەروەت و سـامانێك پـێ بەخشـیووە، ئەویش دەهێنرێتەوە خزمـەت خـوای پـەروەردگار. خـوای گـەورە نیعمەتـەکانی خـۆی دەخاتەوە یادی، ئەمیش هەموویان دەناسێتەوەو ئیعتیرافیان پـێ دەکـات. ئینجا خـوای پەروەردگار لێی دەپرسێت کە چیت بەم نیعمەتانـە کـرد؟ دەڵێـت: خوایـە، هـیچ بوارێـك نەبوو تۆ حەزت بە بەخشینی ماڵ بوو بێت تێیدا ئیللا گرتمە بەرو سامانم تێدا بەخشی. خوای گەورە دەفەرموێ درۆت کرد! بۆیە دەتبەخشـی تـا بڵـێن سـەخی و خێرەومەنـدە.. ئەوا ووترا.. پاشان فەرمان دەدرێت بە راکێشان لەسەر روو، رایدەکێشن تا فڕێی دەدەنە نێو ئاگری دۆزەخەوە .. ترمزی دەفەرموێ: ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێـت فـەرمووی: پاشان پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەستێکی بە رانمداداو فەرمووی: ئەی ئـەبا هورەیرە، ئا ئەوانە یەکەمین کەسێك دەبن کە لـە رۆژی دواییـدا ئـاگری دۆزەخیـان پـێ خۆش دەکرێت ..

فەرموودەی دووەم :

## شارەزایی دین خەڵاتی خوایە

قَالَ حَميدُ بنُ عبدِ الرَّحمنِ سَمعْتُ مُعاويَةَ خَطيباً يقولُ: سَمِعْتُ النَّبيّ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ يقولُ:

**(مَنْ يُرِدِ اللهُ بِهِ خَيراً يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ)**[1]

واتای فەرموودەکە:

**واتە: ئەگەر خوای گەورە خێرو خۆشی کەسێکی بوێت، لە دینەکە تێی دەگەیێنێت..**

[1] فەرموودەکە سەحیحە چونکە ئیمامی بوخاری لە سێ شوێنی سەحیحەکەی (کتاب العلم و کتاب فرض الخمس و کتاب الاعتصام بالکتاب و السنة) و ئیمامی موسلیم لە دوو شوێنی سەحیحەکەی (کتاب الزکاة و کتاب الامارة) دا ڕیوایەتیان کردووە.. بێ گومان لای خاوەن سوننەکان و ئیمامی ئەحمەدو ئەوانی تریش هەیە..

فەرموودەی سێیەم :

## پێنج روکنی کۆمەڵکاریی

پێغەمبەری پێشەوامان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ:

عَنِ الْحَارِثِ الْأَشْعَرِيِّ أَنَّ نَبِيَّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ:
**وَأَنَا آمُرُكُمْ بِخَمْسٍ اللَّهُ أَمَرَنِي بِهِنَّ:**
**الْجَمَاعَةُ والسَّمْعُ وَالطَّاعَةُ وَالْهِجْرَةُ وَالْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ.**
أخرجه أحمد[1]

## واتای فەرموودەکە

**واتە: منیش فەرمانی پێنج شتتان پێ دەکەم کە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووم: کۆمەڵکاریی، گوێڕایەڵی و ملکەچی و هیجرەت و جیهاد لە پێناوی خوادا ..**

[1] زۆرینەی فەرموودەوانان جگە لە ئیمامی بوخاری وموسلیم ئەم فەرموودەیان گێڕاوەتەوە، وەکو ئیمامی ئەحمەد (١٣٠/٤ لە ژێر ژمارەی ١٧٢٠٩ و٢٠٢ ژمارە ١٧٣٤٤) ترمذي/كتاب الامثال (١٤٨/٥ ژمارە ٢٨٦٣ و١٨٦٧) تەبەرانی لە الكبير٣/٣٢٤)، ئیبنوخوزەیمە (٦٤/٢ ژمارە ٩٣٠)، بەغەوی لە شرح السنة ٤٩/١٠) ریوایەتیان کردووە، هەروەها نەسائی و حاکم و بەیهیقی و هی دیکەش.. ئەلبانی رەحمەتی لە (صحيح الجامع الصغير و زيادته) دا دەفەرموێ (اسناده صحيح) ژمارە ١٧٢٤ و١٧٢٨ لە (صحيح الترغيب و الترهيب) دا دەفەرموێ: (صحيح) لەوێش ژمارەکەی (٥٥٢)ە.

## فەرموودەی چوارەم:

### ئاوێنەیی موسوڵمان

عَن أبِي هُرَيَرَةَ رَضي اللهُ عَنهُ قَالَ:
قَالَ رَسُولَ الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (**الْمؤمِنُ مِرْآةُ أخِيهِ**) حديث حسن[١]

## واتای فەرموودەکە

**لە ئەبو هورەیەرەوە خوا لێی رازی بێت گێڕراوەتەوە کە پێغەمبەری پێشەوامان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: موسوڵمان ئاوێنەی براکەیەتی.**

**- لە ریوایەتی تریشدا هاتووە کە دەفەرموێ : (الْمؤمِنُ مِرْآةُ الْمؤمِنِ)[٢]**

**واتە موسوڵمان ئاوێنەی موسوڵمانە.**

[١] بوخاری لە کتێبی (الأدب المفرد) دا هێناوێتیەوە کە سێ بەرگەو شێخی ئەلبانی توێژینەوەی لەسەر کردووە، ئەمە کتێبێکی تری غەیری (الجامع الصحیح)ە کەیەتی ژمارە ٢٣٩ ل٧٠، هەروەها ئەبوداوود لە (کتاب الأدب ژمارە ٤٩١٨ ب٥/ ل٢١٧)و بەیهیقی لە(شعب الایمان ژمارە ٧٦٤٥ لە ب٦/ل١١٣). هەروەها بڕوانە: صحیح الجامع الصغیر/الالبانی ژمارە ٦٥٣٢ ب٦/ ل٦ و سلسلةالاحادیث الصحیحة ژمارە ٩٢٦ لە ب٢/٥٩٦.

[٢] الألباني: صحيح الجامع الصغير/٦٥٣١ .

## فەرموودەی پێنجەم:

### زەبت و  رەبت کردنی زمان سەرچاوەی خێرو شەڕە

عَنْ مُعاذ بْنِ جبَل قَالَ كُنْتُ معَ النَّبِيِ صَلَّى اللهُ عَلَيه وَسَلَّمَ فِي سَفَرٍ فَأَصْبَحْتُ يَوْمًا قَرِيبًا مِنْهُ وَنَحْنُ نَسِيرُ فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللهِ أَخْبِرْنِي بِعَمَلٍ يُدْخِلُنِي الْجَنَّةَ وَيُبَاعِدُنِي مِنْ النَّارِ قَالَ:( **لَقَدْ سَأَلْتَ عَظِيمًا وَإِنَّهُ لَيَسِيرٌ عَلَى مَنْ يَسَّرَهُ اللهُ عَلَيْهِ تَعْبُدُ اللهَ لَا تُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا وَتُقِيمُ الصَّلَاةَ وَتُؤْتِي الزَّكَاةَ وَتَصُومُ رَمَضَانَ وَتَحُجُّ الْبَيْتَ ثُمَّ قَالَ أَلَا أَدُلُّكَ عَلَى أَبْوَابِ الْخَيْرِ الصَّوْمُ جُنَّةٌ وَالصَّدَقَةُ تُطْفِئُ الْخَطِيئَةَ كَمَا يُطْفِئُ النَّارَ الْمَاءُ وَصَلَاةُ الرَّجُلِ مِنْ جَوْفِ اللَّيْلِ ثُمَّ قَرَأَ تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنْ الْمَضَاجِعِ حَتَّى بَلَغَ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ثُمَّ قَالَ أَلَا أُخْبِرُكَ بِرَأْسِ الْأَمْرِ وَعَمُودِهِ وَذُرْوَةِ سَنَامِهِ الْجِهَادُ ثُمَّ قَالَ أَلَا أُخْبِرُكَ بِمِلَاكِ ذَلِكَ كُلِّهِ قُلْتُ بَلَى فَأَخَذَ بِلِسَانِهِ فَقَالَ تَكُفُّ عَلَيْكَ هَذَا** قُلْتُ يَا نَبِيَّ اللهِ وَإِنَّا لَمُؤَاخَذُونَ بِمَا نَتَكَلَّمُ بِهِ **قَالَ ثَكِلَتْكَ أُمُّكَ يَا مُعَاذُ وَهَلْ يُكِبُّ النَّاسَ عَلَى وُجُوهِهِمْ فِي النَّارِ إِلَّا حَصَائِدُ أَلْسِنَتِهِمْ**)[1]

## واتای فەرموودەکە

(مەعازی کوڕی جەبەل) خوا لێی لێ ی ڕازی بێت دەفەرموێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا کردەوەیەکم پێ بڵێ کە بمباتە بەهەشتەوەو لە ئاگری دۆزەخ دوورم بخاتەوە، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: بەڕاستی دەربارەی شتێکی زۆر گەورەو گرنگ پرسیارت لێ کردم، ئەو کردەوەیە زۆر ئاسانە بۆ کەسێك کە خوا بۆی ئاسان بکات و یارمەتی بدات، پاشان فەرمووی: تەنها هەر خوا بپەرستەو هیچ شتێك مەکە بە هاوبەشی، کردەوەی باشت هەر بۆ خوا بێت، نوێژ بکەو زەکات بدەو مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوبەو حەجی ماڵی خوا بکە، ئینجا فەرمووی ئەی مەعاز پێت خۆشە چەند ڕێگەیەکی چاکەت پێ بڵێم؟ ڕۆژووی سوونەت قەڵغانە لە بەرامبەر ئاگری دۆزەخدا، خێر کردن گوناهی بچوك دەپووکێنێتەوە هەروەکو چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە،

---

[1] رواه الترمذي و قال: حديث حسن صحيح.

نوێژکردنی مرۆڤ له نیوەشەودا دروشمی پیاو چاکانه، ئینجا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: بۆ بەڵگه هێنانەوه لەسەر پیاوچاکی ئەو کەسەی شەو نوێژ ئەکات ئەو دوو ئایەتەی خوێندەوه (لەخوا دەپاڕێنەوەو خوای خۆیان ئەپەرستن و شەو نوێژ ئەکەن و بەتەمای بەهەشتن و لەو ماڵەی داومانه پێیان هەندێکی لێ ئەبەخشن و دەیدەنه هەژارو لێ قەوماوان. کەس نازانێ ئەوەی له بەهەشت بۆیان دانراوه لەوەی چاو پێی خۆش ئەبێ، ئەوەش پاداشتی ئەو کردەوه باشانەیه کەله دونیادا ئەیان کرد.

دیسان پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئایا پێت بڵێم سەری هەموو خواپەرستیەك چییەو کۆڵەکەی ئاین چییەو بەرزترین ئاین چییه؟ مەعاز دەفەرموێ : گوتم بەڵێ، ئەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێم بڵێ، فەرمووی: لوتکەو ترۆپکی هەموو کارێك ئیسلام بوونه، بیر و باوەڕی تەواوه بەخواو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، کۆڵەکەی ئاین نوێژ کردنه، لوتکەی هەره بەرزی ئاین (جیهاده) به ماڵ و گیان بۆ بەرز کردنەوەی ئیسلام ، پاشان پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئەدی ئەوەت پێ بڵێم که کۆکاری هەموویەتی؟ ووتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا پێم بڵێ، ئینجا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زمانی پیرۆزی خۆی گرت و فەرمووی: خۆت لەمه بپارێزه، مەعاز دەفەرموێ: منیش گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا چما ئێمه به هۆی قسەوه سزا ئەدرێن؟ پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: دایکت سنگت بۆ بکوتێ (یان دایکت رۆڵه رۆڵت بۆ بکات) چۆن نازانیت؟ مەگەر هیچ هۆیەك هەیه که زۆرینەی ئەو خەڵکەی وا لێ کردبێت لەسەر ڕوو ڕابکێشرێنه ناو ئاگری دۆزەخەوه له زمانیان کاریگەرتر؟!

## فەرموودەی شەشەم:

### سێ نەخۆشی کوشندە

سەیدنا ئیبنوعومەر دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو:

**(ثَلَاثٌ مُهْلِكَاتٌ: فَشُحٌّ مُطَاعٌ، وَهَوًى مُتَّبَعٌ، وَإِعْجَابُ الْمَرْءِ بِنَفْسِهِ)** حسن[1]

### واتای فەرموودەکە

سێ شت کوشندەن: ڕەزیلییەکی پێشڕەویی، و هەواو هەوەسێکی شوێن کەوتوو، و سەرسام بوونی هەر کەس بە خۆی (خۆپەسەندیی)..

[1] تەبەرانی ریوایەتی کردووەو شێخی ئەلبانی دەربارەی دەفەرموێ (حديث حسن) بڕوانە: (صحيح الجامع ژمارە ٣٠٤٥) ئەسڵی هەموو ئەم فەرمودەیە ئاوایە: (عن عبدِ الله بن عمر ﵄ عن النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قال: (ثَلَاثٌ مُهْلِكَاتٌ، وَثَلَاثٌ مُنْجِيَاتٌ، وَثَلَاثٌ كَفَّارَاتٌ، وَثَلَاثٌ دَرَجَاتٌ. فَأَمَّا الْمُهْلِكَاتُ: فَشُحٌّ مُطَاعٌ، وَهَوًى مُتَّبَعٌ، وَإِعْجَابُ الْمَرْءِ بِنَفْسِهِ. وَأَمَّا الْمُنْجِيَاتُ: فَالْعَدْلُ فِي الْغَضَبِ وَالرِّضَى، وَالْقَصْدُ فِي الْفَقْرِ وَالْغِنَى، وَخَشْيَةُ اللَّهِ فِي السِّرِّ وَالْعَلَانِيَةِ. وَأَمَّا الْكَفَّارَاتُ: فَانْتِظَارُ الصَّلَاةِ بَعْدَ الصَّلَاةِ، وَإِسْبَاغُ الْوُضُوءِ فِي السَّبَرَاتِ [أَيْ:شِدَّةِ الْبَرْدِ]، وَنَقْلُ الأَقْدَامِ إِلَى الْجَمَاعَاتِ. وَأَمَّا الدَّرَجَاتُ: فَإِطْعَامُ الطَّعَامِ، وَإِفْشَاءُ السَّلَامِ، وَصَلَاةٌ بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ» (رَوَاهُ الطَّبَرَانِيُّ فِي الأَوْسَطِ وَحَسَّنَهُ الأَلْبَانِيُّ).

فەرموودەی حەوتەم:

## خیانەتی بەرپرسان و سزایان

عَنْ هِشَامٍ عَنْ الْحَسَنِ قَالَ: أَتَيْنَا مَعْقِلَ بْنَ يَسَارٍ نَعُودُهُ فَدَخَلَ عَلَيْنَا عُبَيْدُ اللهِ فَقَالَ لَهُ مَعْقِلٌ أُحَدِّثُكَ حَدِيثًا سَمِعْتُهُ مِنْ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ:

(مَا مِنْ وَالٍ يَلِي رَعِيَّةً مِنْ الْمُسْلِمِينَ فَيَمُوتُ وَهُوَ غَاشٌّ لَهُمْ إِلَّا حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ)[1]

له هیشامەوە له ئەلحەسەنەوە فەرمووی: چووین سەردانی مەعقیلی کوڕی یەسار بکەین کە نەخۆش بوو، عوبەیدوالله هاتە ژوورەوە، مەعقیل پێی فەرموو: فەرموودەیەکت بۆ دەگێڕمەوە کە خۆم لە پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بیستووە، ئینجا فەرمووی: (هەر کاربەدەستێك ببێت بە بەرپرسی کۆمەڵە کەسێك لە موسوڵمانان و غەشیان لێ بکات، بە تەئکید خوای گەورە بەهەشتی لێ حەرام دەکات.

لە ریوایەتێکی تردا دەفەرموێ : وَعَنْ مَعْقِلُ بْنَ يَسَارٍ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ:

(مَا مِن عَبدِ يَستَرعِيهِ اللهُ رَعِيَّةً فَلَم يُحطهَا بِنُصحِه إِلاَّ لم يَجِدْ رَائِحَة الجَنَّةِ)

متفق عليه[2]

واتە : خوای گەورە هەر بەندەیەکی خۆی بکاتە بەر پرسی رەعیەتێك و بە ئاراستەی هەق ئامۆژگارییان نەکات بۆنی بەهەشت ناکات..

---

[1] متفق عليه: بوخاري (ب٨ ل١٠٨) (ژماره ٦٧٣٢)، موسليم: (١٤٢)، داریمی (٢٧٩٦).

[2] مسلم (ژماره ١٤٢).

فەرموودەی هەشتەم:

به ئەعرابی بوونەوە

عَنْ سَهْل بنِ أَبِي حَثَمَةَ عَنْ أبيه قالَ: سَمعْتُ النَّبِيّ صَلَّى اللهُ عليه وَسَلَّمَ عَلَى الْمنْبَرِ يَقُولُ: (إجْتَنبُوا الكَبَائِرَ السَّبعَ، فَسَكَتَ النَّاسُ فَلَمْ يَتكَلَّمْ أَحَدٌ فَقَالَ النَّبِيّ صَلَّى اللهُ عليه وَسَلَّمَ : أَلَا تَسْأَلونِي عَنهُنَّ؟ الشِّرْكُ بِالله، وَقَتْلُ النَّفْسِ، والْفِرارُ مِن الزَّحْفِ، وَأكلُ مَالِ الْيَتيمِ، وَأَكْلُ الرِّبَا، وَقَذْفُ الْمُحْصَنَة، وَالتَّعرُّبُ بَعْدَ الْهِجْرَةِ).

رواه الطبراني[1]

## واتای فەرمووده‌كه

سەیدنا سەهلی كوڕی ئەبوحەسەمه لە باوكیەوە گێڕایەوە، فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو لەسەر مینبەر فەرمووی: توخنی حەوت گوناحە گەورەكە نەكەون! خەڵكەكە كش و مات بوون، كەس هیچی نەووت. پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسی: لێم ناپرسن ئەوانە چین؟! ئەوانە: شەریك بۆ خوابڕیاردان و كوشتنی كەسی بێ تاوان و هەڵاتن لە جیهادو خواردنی ماڵی هەتیوو خواردنی سوو (ریبا) و تۆمەتبار كردنی ئافرەتی داوێن پاك بە زیناو، بوونەوە بە ئەعرابیە دوای كۆچكردن ..

[1] الاوسط (١٠٣/٦) .ژماره (٥٦٣٦) الالباني: سلسلة الأحاديث الصحيحة (ب ٥ ژماره ٢٢٤٤) ، و صحيح الجامع الصغير (٤٤٨٢).

## فەرموودەی نۆیەم:

### دین بەکارهێنان بۆ مەرامی کەسایەتی

عَن كَعْبِ بنِ مَالِكِ عَنْ النَّبِي صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُ قَالَ:

**(مَا ذِئْبَانِ جَائعَانِ أُرْسِلَا فِي غَنَمٍ**
**بِأَفْسَدَ لَهَا مِنْ حِرْصِ الْمَرْءِ عَلَى الْمَالِ وَالشَّرَفِ لِدِينِهِ)**[١]

## واتای فەرموودەکە

سەیدنا کەعبی کوڕی مالیك لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گێڕاویتیەوە کە فەرموویەتی: دوو گورگی برسی کە کەوتبنە پەچەی مەڕ (ئاغەڵێکی مێگەل)ــە[٢] وە زیان زیاتر نادەن وەك لە سووربوونی کەسێك لەسەر سامان و پارە، یان دژواری رەفتاری کەسێك کە بە ناوی دین و سیمای دینداریيەوە پلەو ئاست و پۆستی ناو خەڵکی بەدەست دەهێنێت!

[١] ئیمامی ئەحمەد (٤٥٦/٣ و ٤٦٠)، ئیبنوحیببان: (الاحسان ٣٢٢٨)، نەسائی : (تحفة الاشراف ١١١٣٦/٨)، ترمذي (٢٤٢٨ ) فەرموویەتی (حديث حسن صحيح) شێخی ئەلبانی رەحمەتیش لە (صحيح الترمذي) دا بە سەحیحی ناساندووە.. فەرموودەکە ریوایاتی تری هەیە کە لە سەیدنا ئیبنوعەبباسەوە هاتووە دەفەرموێ :(حب المال والشرف لدينه) لە جیاتی (حرص المرء على المال).. هەروەها ریوایەتی تری هەیە کە سەیدنا ئەبوهورەیرەو سەیدنا ئوسامەی کوڕی زەیدو سەیدنا جابرو سەیدنا ئەبوسەعیدی خودری و سەیدنا عاسیمی کوڕی عەدی ئەنساریی خوا لێیان رازی بێت گێڕاویانەتەوە.

[٢] ئاغەڵ: شوێنی حەوانەوەی زستانی ئاژەڵە، دەشێت ژێرخانی ماڵەکە بێت، شوێنی حەوانەوەی هاوینانەشی پێی دەوترێت: پەچە، یان چەپەر یان تەیمان.. کە بریتیە لە دیوارێکی بە شووڵك دروست کراو کە جاری وا هەیە قوڕکاریشی دەکەن.

## فەرموودەی دەیەم:

### دنیا وویستی شکستی تاك و كۆیە

عَنْ ثَوْبَان قَال، قَالَ رَسُولُ اللّٰهِ صَلَّى اللّٰهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ:

**(يُوشَكُ أنْ تَتَدَاعى عَلَيكُمْ الأمَمُ منْ كُلِّ أُفُقٍ، كَمَا تَتَدَاعَى الأكَلَةُ عَلَى قَصْعَتها. قِيلَ يَا رَسُولَ الله أفَمنْ قلَّة يَومَئذ؟ قَالَ: لَا وَلَكنَّكُمْ غُثَاءٌ كَغُثَاء السَّيْل يَجْعَلُ الوَهَنَ في قُلُوبِكُم وَيَنْزَعُ الرَّعْبَ مِنْ قُلُوبِ عَدُوكُمْ، لِحُبِكُمْ الدُّنْيَا وكَراهيَتِكُمْ الْمَوْتِ)[1].**

## واتای فەرموودەكە

واتە: زەمانی ئەوە نزیكە كە لە هەموو لایەكەوە دەستدرێژیتان بكەنە سەر، هەر وەكو كە كۆمەڵێك بخۆر دەست بۆ لەگەنە خواردنێك درێژ دەكەن! كابرایەك پرسی: ئەوە لەبەر كەمییمان دەبێت؟! فەرمووی: نا ئێوە لەو سەردەمەدا زۆرن، بەڵام وەكو كەف و پووش و پەڵاشی سەر دەریا دەبن!! خوای گەورە سام و هەیبەت و ترسی ئێوە لە دڵی دوژمنەكانتان دەردەهێنێت و بەزین دەهاوێتە نێو دڵی ئێوەوە، كابرا پرسی: بەزین چییە؟! فەرمووی: خۆشەویستی دنیاو بوغزاندنی مردن..

[1] (صحیح الجامع الصغیر ب٦ / ژمارە ٣٧٢٦ و ٨٠٣٥) .. ئەم حەدیسە حەوت ریوایەتی تری هەیە، یەكێكیان كە ئەبو داوودو ئەحمەد گێڕاویانەتەوەو شێخی ئەلبانی لە (السلسلة الاحادیث الصحیحة ب٢/ ژمارە ٩٥٦) و (تخریج أحادیث مشكاة المصابیح ژمارە ٥٢٩٨) دا هێناوێتیەوە، بەم دەقەیە: (يُوشِكُ أَنْ تَدَاعَى عَلَيْكُمْ الْأُمَمُ كَمَا تَدَاعَى الْأَكَلَةُ إِلَى قَصْعَتِهَا فَقَالَ قَائِلٌ: وَمِنْ قِلَّةٍ نَحْنُ يَوْمَئِذٍ قَالَ بَلْ أَنْتُمْ يَوْمَئِذٍ كَثِيرٌ وَلَكِنَّكُمْ غُثَاءٌ كَغُثَاءِ السَّيْلِ وَلَيَنْزَعَنَّ اللَّهُ مِنْ صُدُورِ عَدُوِّكُمْ الْمَهَابَةَ مِنْكُمْ وَلَيَقْذِفَنَّ اللَّهُ فِي قُلُوبِكُمْ الْوَهْنَ فَقَالَ قَائِلٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا الْوَهْنُ قَالَ: حُبُّ الدُّنْيَا وَكَرَاهِيَةُ الْمَوْتِ).

## خواوویستیی (النية الصادقة)

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (عن أميرِ المؤمنينَ أبي حفصٍ عمرَ بنِ الخطَّابِ رَضِي اللهُ عَنْهُ قالَ: سَمِعْتُ رسولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يقولُ: **إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى، فمَنْ كَانَتْ هجْرَتهُ إِلَى الله وَرَسُوله فَهجْرَتهُ إِلَى الله وَرَسُوله وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ لِدُنْيَا يُصِيبُهَا، أَوْ امْرَأَةِ يَنْكِحُهَا، فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ**)متفق عليه[١]

## واتای فەرموودەکە

هەموو کردەوەیەک بە وویست و مەبەستەوە بەندە. هەر کەسەش وویست و مەبەستێکی هەیە. هەر کەسێک کۆچکردنەکەی لەبەرخاتری خوای گەورەو بۆ سەرخستنی پێغەمبەرەکەی خوا بێت صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەوە وای بۆ حسێبە، کە لەبەر خاتری خوای گەورەو بۆ سەرخستنی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کردوێتی. هەر کەسێکیش کۆچکردنی بۆ دنیاوویستی بێت یان بە ئومێدی هاوسەرگیرێتیی بێت لەگەڵ ئافرەتێکدا، ئەوە هەر وای بۆ حسێب دەکرێت کە بۆ دنیاو دیداری ئافرەتێک کۆچی کردووە.

---

[١] بوخاری (٥٤)، مسلم (١٩٠٧).

## فەرموودەی دووازدەیەم

### موسوڵمانی بەهێز

### باشتر و خۆشەویستترە لای خوای گەورە لە موسوڵمانی لاواز

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ خَيْرٌ وَأَحَبُّ إِلَي اللهِ مِنْ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ وَفِي كُلٍّ خَيْرٌ احْرِصْ عَلَي مَا يَنْفَعُكَ وَاسْتَعِنْ بِاللهِ وَلَا تَعْجَزْ وَإِنْ أَصَابَكَ شَيْءٌ فَلَا تَقُلْ لَوْ أَنِّي فَعَلْتُ كَانَ كَذَا وَكَذَا وَلَكِنْ قُلْ قَدَرُ اللهِ وَمَا شَاءَ فَعَلَ فَإِنَّ لَوْ تَفْتَحُ عَمَلَ الشَّيْطَانِ**).[1]

## واتای فەرموودەکە

ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت غێرایەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: موسوڵمانی بەهێز باشترو خۆشەویستترە لای خوای گەورە لە موسوڵمانی لاواز، خێر لە هەردوکیاندا هەر هەیە. سووربە لەسەر هەرچی شتێك کە سوودت پێدەگەیەنێت. داوای یارمەتی لە خوای گەورە بکەو پشتی پێببەستە. مات و مەلول رامەوەستە و بڵێی ناکرێت! ئەگەر بەڵایەکیشت لێ بەسەر هات مەڵێ: ئای ئەگەر وامبکردایەو وامنەکردایە. بڵێ قەدەری خوای گەورە وا بوو، ئەوەی کە خوای گەورەش دەیویست ئەو هاتە دیی..چونکە وتنی (ئەگەر) دەروازەی کاری شەیتان دەکاتەوە.

[1] مُسْلِم (٢٦٦٤)،ئیبن و ماجة (٧٩)، ئەحمەد (٣٧٠).

## هەستنەکردن بە چاودێریی خوایی

(عَنْ ثَوْبَانَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُ قَالَ: **لأَعْلَمَنَّ أَقْوَامًا مِنْ أُمَّتِي يَأْتُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِحَسَنَاتٍ أَمْثَالِ جِبَالِ تِهَامَةَ بِيضًا فَيَجْعَلُهَا اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ هَبَاءً مَنْثُورًا**) قَالَ ثَوْبَانُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ صِفْهُمْ لَنَا، جَلِّهِمْ لَنَا أَنْ لاَ نَكُونَ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لاَ نَعْلَمُ، قَالَ: (**أَمَا إِنَّهُمْ إِخْوَانُكُمْ وَمِنْ جِلْدَتِكُمْ وَيَأْخُذُونَ مِنَ اللَّيْلِ كَمَا تَأْخُذُونَ وَلَكِنَّهُمْ أَقْوَامٌ إِذَا خَلَوْا بِمَحَارِمِ اللَّهِ انْتَهَكُوهَا**).[1]

## واتای فەرموودەکە

ثەوبان خوا لێی رازی بێت کە گەنجێکی خزمەتکاری پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگێرێتەوە: کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: بە دڵنیاییی دەڵێم کە خەڵکانێك لە ئومەتەکەم دەناسم کە لە ڕۆژی دوایدا دێنە پێش، چاکەکانیان بە قەدەر چیای (توهامە) دەبێت و سپی و پاك. بەڵام خوای گەورە لێیان قبوڵ ناکات هەموویان لێ دەکاتە تەپ تۆزی پەرش و بڵاو. ئەوانە هەر لە ئێوەن، براتانن، لە زمان و پێستی ئێوەن، شەو نوێژیشیان وەکو ئێوە کردووە، بەڵام هەر کە تەنها و دوور لە چاوی خەڵکی- دەرکەوتن- سنوری حەرامیان دەبەزاند و دەکەوتنە ناوی.

[1] ئیبنوماجە (٤٢٤٥) و شێخی ئەلبانی رحمە اللە لە (صحیح سنن ابن ماجە) و لە (سلسلة الأحادیث الصحیحە ب٢ژ٥٠٥) و لە (صحیح الجامع الصغیر/٣٩٠٤)دا بە سەحیحی ناساندووە.

## دنیا سایەی سەعاتێکە

(عَنِ ابْنِ عَبّاسٍ ، رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، قَالَ: دَخَلَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَهُوَ عَلَى حَصِيرٍ قَدْ أَثَّرَ فِي جَنْبِهِ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ، لَوِ اتَّخَذْتَ فِرَاشًا أَوْثَرَ مِنْ هَذَا ؟ فَقَالَ: **مَالِي وَلِلدُّنْيَا، وَمَا لِلدُّنْيَا وَمَالِي، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ مَا مَثَلِي وَمَثَلُ الدُّنْيَا إِلَّا كَرَاكِبٍ سَارَ فِي يَوْمٍ صَائِفٍ، فَاسْتَظَلَّ تَحْتَ شَجَرَةٍ سَاعَةً مِنْ نَهَارٍ، ثُمَّ رَاحَ وَتَرَكَهَا**).[١]

## واتای فەرموودەکە

من لە کوێ و دنیا لە کوێ؟ دنیا لە کوێ و من لە کوێ؟ بەوەی گیانی منی بە دەستە نموونەی من و دنیا هەروەك و سوارییەك وایە کە لە ڕۆژێکی هاویندا لە سەفەر دابێت خۆ بگەیەنێتە ژێر سایەی درەختێك و بیەوێت لەو ڕۆژو حاڵەتەیدا ماوەیەك بحەوێتەوە، پاشان دەڕوات و جێ دەهێڵێت.

---

[١] ترمذي (٢٣٧٧)، ئیبنوماجە (٤١٠٩)، ئەحمەد (٢٦٤١)، ئیبنوحیببان (٦٤٨٧)، حاکم (٧٩٤٣)، طەبەرانی (١١٧٤٠) بەیهیقی (٩٧٢٣) ئیمامی نەووەویش لە (ریاض الصالحین ل١٨٦) دا هێناویەتیەوە و شێخ ئەلبانیش رحمەالله لە: (صحيح الجامع الصغير/ ٥٥٤٥)و لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة ٧٢٣/١) دەفەرموێ: سەحیحە.

## سەلامکردن کلیلی بەهەشتە

(عن أبي هريرةَ رضي الله عنه قَالَ: قالَ رَسُول الله صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم: **لا تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا، وَلا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا، أَوَلا أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحابَبْتُمْ؟ أَفْشُوا السَّلامَ بَيْنَكُمْ**).[1]

## واتای فەرمووودەکە

ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ناچنە بەهەشت تا باوەڕ نەهێنن، باوەڕیشتان دانامەزرێت تا یەکتریتان خۆش نەوێت،ئەریٚ شتێکتان پێبڵێم کە بیکەن و خۆشەویستیتان بۆ یەکتری زیاتر بکەن،سەلام لێکردن لە ناو خۆتاندا برەو پیٚ بدەن.

---

[1] بوخاری لە (الادب المفرد (ژ٩٨٠)، موسلیم (٥٤)،ترمذي (٩ ٣١٥)، ئیبنوماجە (ژ٦٨) ٣٦٩٢).

## خزمایەتیی بەرەکەتە

(عَنْ أَبِي بَكْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **مَا مِنْ ذَنْبٍ أَجْدَرُ أَنْ يُعَجِّلَ اللهُ لِصَاحِبِهِ الْعُقُوبَةَ فِي الدُّنْيَا مَعَ مَا يَدَّخِرُ لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ الْبَغْيِ وَقَطِيعَةِ الرَّحِمِ، حَتَّى إِنَّ أَهْلَ الْبَيْتِ لِيَكُونُوا فَجَرَةً، فَتَنْمو أَمْوَالُهُمْ، وَيَكْثُرُ عَدَدُهُمْ إِذَا تَوَاصَلُوا**).[١]

## واتای فەرموودەکە

ئەبو بەکرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: هیچ گوناهێك نیە کە شایەنتر بێت کە خوای گەورە زوو سزای بکەرەکەی بدات و لە دنیادا پێشی بخات و نەیخاتە ئاخیرەت وەکو گوناحی پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی و خیانەت و درۆکردن. هیچ چاکە و گوێڕایەڵیەکیش نیە کە شایەنی ئەوە بێت خوای گەورە زوو پاداشتی بداتەوە و پێشی بخات هەر لە دنیادا بیداتەوە بە خاوەنەکەی وەکو پتەوکردنی شیرازەی خزمایەتی. تەنانەت دەشێت ماڵە خزمێك لە ئیسلام ترازابن و گوناحکاربن (کافر نەبوبن) بەڵام بە هۆی پتەو ڕاگرتنی خزمایەتیانەوە سەروەت و سامانیان زیاد بکات و گەشە بکات و ژمارەیان زیاتر ببێت و بڵاوتربببنەوە.

---

[١] ئەبو داوود (٤٩٠٢)، ترمذی (٢٥١١)، ئیبنوماجە (٤٢١١)، ئەحمەد (١٩٨٦١). شیخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن أبي داود) و (صحيح الجامع الصغير/ ١٠٦٤٢) دا بە سەحیحی داناوە.

## بەرهەمی زاڵبوون بەسەر تووڕەییدا

(عن معاذ بنِ أنس - رضي الله عنه - أنَّ النَّبيّ - صلى الله عليه وسلم - قَالَ: **مَنْ كَتَمَ غيظاً، وَهُوَ قَادِرٌ عَلَى أنْ يُنْفِذَهُ، دَعَاهُ اللهُ عَلَى رُؤُوسِ الْخلائقِ حَتَّى يُخيِّرَهُ مِنَ الْحُورِ الْعِينِ يُزَوِّجُهُ مِنْهَا مَا شَاءَ**).[١]

## واتای فەرمووودەکە

**واتە: موعازی کوڕی ئەنەس خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: هەرکەسێك رقی خۆی خواردەوە و کاری پێ نەکرد -کە لە تواناشیدا هەبوو- خوای پەروەردگار لە ڕۆژی دوایدا لەناو هەموو خەڵکیدا بانگی دەکات و سەر پشکی دەکات کە چ حۆریەك هەڵدەبژێرێت لێی مارە دەکات.**

---

[١] ئەبوداوود (٤٧٧٩)، ترمذي (٢٤٩٣) ئیبنوماجة (٤١٨٦)، ئەحمەد (٤٣٨/٣). شێخی ئەلبانی رەحمەتی خوای لێبێت لە (صحيح الجامع الصغير/٦٥١٨)دا دەفەرموێ: حەسەنە. ڕیوایەتی تریشی هەیە. وەکو: (مَنْ كَظَمَ غَيْظًا وَهُو يَسْتَطِيعُ أنْ يُنفِذَهُ، دَعَاهُ اللهُ يَوْمَ الْقَيامَةِ عَلَى رُؤُوسِ الْخَلَائِقِ حَتَّى يُخَيِّرَهُ مِنَ الْحُورِ الْعِينِ يُزَوِّجُهُ مِنْهَا مَا شَاءَ) یان (مَنْ كَظَمَ غَيْظًا وَهُوَ قَادِرٌ عَلَى أَنْ يُنْفِذَهُ، دَعَاهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ عَلَى رُؤسِ الْخَلاَئِقِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حَتَّى يُخَيِّرَهُ اللَّهُ مِنَ الْحُورِ الْعِينِ مَا شَاءَ). ترمذی (٢٠٢١) هەر لێرەشدا ئەلبانی رحمەالله دەربارەی دەفەرموێ: سەحیحە.

## چرپەچرپی دوو لە سێ کەس حەرامە

(عَنِ ابْنِ عُمَرَ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: إِذَا كُنْتُمْ ثَلَاثَةً، فَلَا يَتَنَاجَى اثْنَانِ دُونَ الْآخَرِ، حَتَّى تَخْتَلِطُوا بِالنَّاسِ، مِنْ أَجْلِ أَنَّ ذَلِكَ يُحْزِنُهُ)[١].

## واتای فەرموودەکە

ئیبنو عومەر خوا لێ ی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمویٚ: ئەگەر سێ کەس بوون -دوانتان دوور لەوی تر- وتوویژ نەکات، تا تێکەڵ بە خەڵکی تر دەبن، چونکە ئەوە (قسە کردنی دوان و وەلکردنی سێهەم) سێهەمەکە خەمبار دەکات.

---

[١] بوخاری (٦٢٩٠)، موسلم (٢١٨٤).

## ئاوا پارەکەت دابەشکە!

(عَنْ ثَوْبَانَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **أَفْضَلُ دِينَارٍ يُنْفِقُهُ الرَّجُلُ دِينَارٌ يُنْفِقُهُ عَلَى عِيَالِهِ، وَدِينَارٌ يُنْفِقُهُ الرَّجُلُ عَلَى دَابَّتِهِ فِي سَبِيلِ اللهِ، وَدِينَارٌ يُنْفِقُهُ عَلَى أَصْحَابِهِ فِي سَبِيلِ اللهِ**).[١]

## واتای فەرموودەکە

سەوەبان (ثوبان) خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی:

باشترین دینار (پارە) یەك کە کەسێك خەرجی بکات: دینارێکە کە بۆ ماڵ و منداڵەکانی خۆی خەرج دەکات، پاشان دینارێکە کە بۆخزمەتی سورایی (ئەسپ -حوشتر- سەیارە - ماتۆڕ)ەکەی خەرجی دەکات کە دەیەوێت لە جیهاد کردندا بەکاری بهێنێت، پاشان دینارێکە کە بۆ خزمەتی موجاهیدەکانی هاوڕێی خەرجی دەکات کە لەبەر خاتری خوا چونەتە جیهاد.

[١] موسلم (٩٩٥)، ترمذی (١٩٦٦)، ئیبنوماجە (٢٧٦٠)، ئەحمەد (٢١٨٧٥)، بەیهیقی: السنن (٧٥٧٢)، فتح الباری (٥٠٣٩) ئیمامی نەوەوی لە ریاض الصالحین/ باب النفقه على العيال ل٩٨_ چاپی ٢٠١٣/٢ دار السلف الصالح /القاهره -تحقيق دكتور ماهر بن ياسين بن فحل/العراق)

## مەنزیلەی برایەتی دینیی

(عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامت رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ : سَمعْت رَسُولَ الله صَلَّى اللهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ يَأْثُرُ عَنْ رَبِّه تَبَارَكَ وَتَعَالَى: حَقَّتْ مَحَبَّتي لِلْمُتَحَابِّينَ فِيَّ، وَحَقَّتْ مَحَبَّتي لِلْمُتَوَاصلينَ فِيَّ، وَحَقَّتْ مَحَبَّتي لِلْمُتَنَاصحينَ فِيَّ، وَحَقَّتْ مَحَبَّتي لِلْمُتَزَاورينَ فِيَّ، وَحَقَّتْ مَحَبَّتي لِلْمُتَبَاذلينَ فِيَّ. اَلْمُتَحَابُّونَ فِيَّ عَلَى مَنَابِرَ مِنْ نُورٍ، يَغْبِطُهُمْ بِمَكَانِهِمُ النَّبِيُّونَ وَالصِّدِّيقُونَ وَالشُّهَدَاءُ).[1]

## واتای فەرموودەکە

عوبادەی کوڕی صامت خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە فەرموودەیەکی قودسیدا لە خوای پەروەردگاری خۆیەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: خۆشەویستیم بۆ کەسانێك پێویست بووە کە لەبەر خاتری من یەکترییان خۆش بوێت. خۆشەویستیم بۆ کەسانێك پێویست بووە کە لەبەر خاتری من پەیوەندیان بەیەکەوە بەستووە. خۆشەویستیم بۆ کەسانێك پێویستبووە کە لەبەر خاتری من ئامۆژگاری یەکتری دەکەن و لێکی قبوڵدەکەن. خۆشەویستیم بۆ کەسانێك پێویستبووە کە لەبەر خاتری من دەبەخشن. ئەوانەی لەبەر خاتری من یەکتریان خۆشدەوێت لەسەر مینبەری نوور دادەنیشن. پێغەمبەران و پیاو چاکان و شەهیدان خۆزگە بۆ پلەو پاداشتیان دەخوازن.[2]

---

[1] ترمذی (٢٣٩٠)، ئەحمەد (٢١٥٢٧ و ٢٢٠٠٢)، ئیبنوحیببان (٥٧٧)، ئیمامی مالیک لە: الموطأ (١٧٣٥) بە لەفزی (وجبت محبتی)، ئیمامی نەوەویش رحمەالله لە (رياض الصالحين / باب فضل الحب في الله) هەر بە لەفزی (وجبت محبتی) هێناوێتی و دواتر نوسیویەتی (صحيح رواه مالك فی الموطأ باسناده الصحيح)، شێخی ئەلبانیش رحمەالله لە (صحيح الترغيب والترهيب/٣٠٢٠) و لە (صحيح الجامع الصغير/٤٣٢١)دا بە سەحیحی داناوە.

[2] بەم خۆزگە و خواستنە دەوترێت (الغبطة) کە بریتیە لەوەی کە حەز بکەیت وەك ئەوت هەبێت، بێ ئەوەی ئەویش ئەوەی لەدەست بچێت کە هەیەتی. بەڵام (الحسد) خۆزگەخواستنە بەوەی کە ئەوەی بەرامبەر هەیەتی بدرێتە تۆ و لە دەست ئەودا نەمێنێت (دليل الفالحين شرح رياض الصالحين ٣٣٥/٣).

# ناوەڕۆك


ڕەنجەڕۆیی ڕیابازان............................................................................................٤
شارەزایی دین خەڵاتی خوایە .......................................................................................٦
پێنج ڕوکنی کۆمەڵکاریی.........................................................................................٧
ئاوێنەیی موسوڵمان............................................................................................٨
زەبت و ڕەبت کردنی زمان سەرچاوەی خێرو شەڕە ...............................................................٩
سێ نەخۆشی کوشندە .........................................................................................١١
خیانەتی بەرپرسان و سزایان .....................................................................................١٢
بە ئەعرابی بوونەوە............................................................................................١٣
دین بەکارهێنان بۆ مەرامی کەسایەتی.............................................................................١٤
دنیا وویستی شکستی تاك و کۆیە ..................................................................................١٥
خواوویستیی (النیة الصادقة) ......................................................................................١٦
موسوڵمانی بەهێز .............................................................................................١٧
باشتر و خۆشەویستترە لای خوای گەورە لە موسوڵمانی لاواز ...................................................١٧
هەستنەکردن بە چاودێریی خوایی .................................................................................١٨
دنیا سایەی سەعاتێکە...........................................................................................١٩
سەلامکردن کلیلی بەهەشتە......................................................................................٢٠
خزمایەتیی بەرەکەتە ............................................................................................٢١
بەرهەمی زاڵبوون بەسەر تووڕەییدا...............................................................................٢٢
چرپەچرپی دوو لە سێ کەس حەرامە..............................................................................٢٣
ئاوا پارەکەت دابەشکە!..........................................................................................٢٤
مەنزیلەی برایەتی دینیی .........................................................................................٢٥
ناوەڕۆك ........................................................................................................٢٦

zadyreman